# چیدی بەتەمای خوا ناخوا..!

**ئەڤین ئیبراهیم فەتاح**

ڕۆژی هەشتی مارسی ئەمساڵ و بەم بۆنەیەوە، لۆرا بوش و كۆندەلیزا رایس لەگەڵ چەندین كەسایەتی ژنی ناسراو كە نوێنەرایەتی ژنانی ئازادیخوازی پانزە دەوڵەتی موسڵمانیان دەكرد كۆبوونەوەو دوای ئەوەی باسی گۆڕانكارییە پۆزەتیڤەكانی ناوچەكەیان - بە تایبەتی لە عێراق و لوبنان- بۆكردن جەختیان لەسەر ئەوەش كردەوە كە چیتر گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەرامبەر بە چەوسانەوە بێدەنگ نابن ووەك لۆرا گوتی:

ئەمڕۆ گەلانی ئەم نێوچەیە جورئەتی ئەوە دەكەن پرسیارگەلێك بكەن لەوێنەی كەی دەتوانین سەركردەكانمان هەڵبژێرین؟ ئەدی كەی ئازاد دەبین؟ وەزیری دەرەوەی ئەمەریكاش كۆندالیزا رایس لەلای خۆیەوە گوتی دەنگی داواكردنی ئازادی لە سەرجەمی ناوچەكە بەرز بۆتەوەو زۆرینەی ئەو دەنگانە دەنگی ژنانن، رایس بە راشكاوی گوتی كۆبوونەوەی ئەوڕۆمان بۆ ئەوەبوو تاپەیامێكی روون ورەوان بۆ ژنانی ژێردەستەی دونیا بنێرین وپێیان بڵێن كە ئەگەر ئێوە داوای ئازادیتان بكەن ئەوە ویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمەریكاش پاڵپشتیتان دەكات، پاش خۆپیشاندانی چەندرۆژەی لوبنانیەكانیش دژی هەبوونی لەشكری سوریا لەوڵاتەكەیان، رایس خان هەمان قسەو بەڵێنی هاوكاریكردنی ئەمەریكای بە وانیش راگەیاند.

ڕۆژی 7ی مارسیش سەدان ژنی كوێتی لە پێش هۆڵی پەرلەمان خۆنیشاندانێكیان رێكخست و داوای مافە زەتكراوەكانیان و گۆڕینی دەستووریان كرد، لە جەزائیریش ژنانی ئازادیخواز تاهەنووكە یەك ملیۆن ئیمزایان بۆ قەدەغەكردنی فرەژنی كۆكردۆتەوەو دەبەرانبەر ئەو پێنگاڤەشدا رەوتە ئیسلامیەكانیش خەریكی كۆكردنەوەی ئیمزان بۆ پشتیوانی فرە ژنی . هەرچەندە من زۆر باوەڕم بە بەڵێنەكانی ئەمەریكا نیە، لێ وێدەچی ئەمجارەیان ئەستێرەی بەختی ژنان لە ئاسمانی بەرژەوەندیەكانی ئەمریكادا درەشاوە بێت،ئەدی ئەوە نیە 25٪ كورسی پەرلەمانیان بۆ ژنان لە چاوو چنگی ئایەتوڵلاو سەرۆك خێڵەكانی عێراق و كوردستان دەرهێنا؟

پرسی ژنان و ئازادی گەلان پرسگەلی كۆمەڵایەتین و بە گۆڕانی رەوشە كۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەكانی كۆمەڵگا نەبێت چارە ناكرێن، كۆمەڵگەی ئێمەو سەرجەم كۆمەڵگە موسڵمانەكانی دیكەش، تا ئێستا بەرنامەیەكی ئەوتۆیان بۆ گۆڕان نەبووەو هەمیشە بە تەمای خوا پاڵیان لێداوەتەوەودیارە تا ئێستاش هیچیان بە هیچ نەكردووە ،بۆیە ئەمڕۆ ناچارن بە تەمای ئەمریكا بن، وەلێ ئەمەیش هەنجیرەكەی رەجەب نیە لە بنی دارەكە لێی راكشێین و بەتەمای خوا ی بكەوێتە ناو زارمان،چونكە ئەمەریكاش مەرجی ئەوەی داناوە كە دەبێ خۆت هەرەكەت بكەیت و ئینجا ئەویش بە پێی بەرژەوەندییەكانی خۆی بەرەكەتمان بەسەردا ببارێنێ!، چونكەچیتر كلتووری تەوەزەلی و بەتەمای خوای نایخوا.!